خۆبەڕێوەبردنی تۆندوتۆڵ

بنەمای بەهێزکردنی حوکمڕانی لە چین

ڕوونکردنەوەکانی شی جینپینگ دەربارەی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی چین

پێڕست

پێشەکی 2

یەکەم: لێکدانەوە دەربارەی بابەتی کۆبوونەوەکە 6

دووەم: پرۆسەی ئامادەکردن 16

سێیەم: چوارچێوەی گشتی و ناوەرۆکی سەرەکی 26

سەرچاوە: 35

پێشەکی

لە مێژووی گەشەسەندنی سیاسی و دامەزراوەیی کۆماری گەلی چین، حوکمڕانیی ناوخۆیی پارتی کۆمۆنیستی چین و پابەندبوون بە دیسیپلینی حیزبی، یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی بەردەوامیی دەسەڵات و بەهێزکردنی توانای بەڕێوەبردنی وڵات بووە، چین لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا، لەگەڵ گۆڕانکارییە گەورە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا، هەوڵی داوە سیستەمێکی دامەزراوەیی و ڕێکخراوەیی بەردەوام بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و بەهێزکردنی ڕۆڵی پارتی کۆمۆنیستی چین دابمەزرێنێت،لەو چوارچێوەیەدا، بەردەوامبوون لە حوکمڕانیی توند و تەواوی ناوخۆیی پارتی کۆمۆنیستی چین، تەنها بابەتێکی ڕێکخراوەیی نییە، بەڵکو بەشێکە لە ستراتیژیی سیاسی و دامەزراوەیی چین بۆ پاراستنی یەکگرتوویی، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، بەهێزکردنی دیسیپلین و دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی سیاسەت و بەرنامەکانی حیزب و دەوڵەت،ئەم بەڵگەنامەیە، کە "**شی جینپینگ**"، سکرتێری گشتیی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی چین

کۆمۆنیستی چین، لە ڕووبەڕووبوونەوەکانی بۆ بڕیارەکەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی چین پێشکەشی کردووە، بیرۆکە و هۆکارە سیاسی و ستراتیژییەکانی پشت بەو بڕیارەوە ڕوون دەکاتەوە. بەڵگەنامەکە بە وردی باس لە گرنگیی بەردەوامبوون لە چاودێری و بەڕێوەبردنی ناوخۆیی حیزب، چاکسازیی خۆیی، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، بەهێزکردنی دیسیپلینی حیزبی و پەرەپێدانی سیستەمی دامەزراوەیی دەکات،هەروەها، شی جینپینگ لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا ئاماژە بەوە دەکات کە بەهێزکردنی حیزب و توانای خۆچاودێری و خۆچاکسازیی، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئامانجە گەورەکانی چینەوە هەیە؛ بە تایبەتی پێشخستنی مۆدێرنکردنی چین، بەردەوامکردنی گەشەی نیشتمانی و گەیشتن بە ئامانجی گەورەکردنەوەی هێز و توانای نیشتمانی،ئەم وەرگێڕانە کوردییە بە مەبەستی فراوانکردنی دەستڕاگەیشتنی خوێنەری کورد بە بەڵگەنامە سیاسی و فەرمییەکانی چین، و هەروەها بە ئامانجی ناساندنی زیاتر لە سیاسەت و ئەزموونی حوکمڕانیی چینە،هیوادارم ئەم دەقە بتوانێت سەرچاوەیەکی بەسوود بێت بۆ توێژەران، ئەکادیمییەکان،

ڕۆژنامەنووسان و ئەو خوێنەرانەی کە گرنگی بە خوێندنەوە و تێگەیشتن لە سیستەمی سیاسی و دامەزراوەیی چین دەدەن.

هەڵۆ حەسەن

ڕوونکردنەوەی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی چین دەربارەی چەند کێشەیەکی سەرەکی سەبارەت بە بەردەوامبوون لە خۆبەڕێوەبردنی تەواو و توندوتۆڵی پارتی کۆمۆنیستی چین

شی جینپینگ

هاوڕێیان، لەسەر ناوی مەکتەبی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی چین، ئێستا ڕوونکردنەوەتان بۆ دەدەم دەربارەی ئامادەکردنی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی چین دەربارەی چەند کێشەیەکی سەرەکی سەبارەت بە بەردەوامبوون لە خۆبەڕێوەبردنی تەواو و توندوتۆڵی حزبی

یەکەم: لێکدانەوە دەربارەی بابەتی کۆبوونەوەکە

بنیاتنانی پارتی کۆمۆنیستی چین چارەنووسسازە بۆ داهاتووی پارت و سەرکەوتنی کاروباری پارت و وڵات، لەبەر ئەوەی ئەمساڵ 105مین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیستی چینە، مەکتەبی سیاسی بڕیاری دا کۆمیتەی ناوەندیی 20 لە کۆبوونەوەی گشتیی پێنجەمیدا بایەخ بدات بە بەردەوامبوون لە خۆبەڕێوەبردنی تەواو و توندوتۆڵی پارتی کۆمۆنیستی چین. ئەم بڕیارە گرنگەی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندن و بیرکردنەوەی قووڵی بارودۆخەکە دەرچووە، لەگەڵ ئەو قۆناغە مێژوویییەی کە کاروباری پارتی کۆمۆنیستی چین و وڵاتی تێدا گەیشتووە و پێشخستنی نوێکردنەوەی چینی بە گشتی.

- یەکەم: ئەمە پێویستە بۆ پاراستنی سروشتی پێشڕەوانە و ڕاستگۆیی پارتی کۆمۆنیستی چین و بەهێزکردنی پێگەی دریژخایەنی لە حوکمڕانیدا بۆ ئەوەی پارتیمان بۆ ماوەیەکی دریژ حوکمڕانی بکات، دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارە بنەڕەتییە بدۆزینەوە کە چۆن لە خولی مێژوویی هەڵکشان و داکشان ڕزگارمان بێت،هاوڕێ ماو زێتۆنگ لە ساڵانی مانەوەی لە ئەشکەوتەکانی *"یانئان"** لە یەکەم وەڵامیدا: چاودێریی گەل بەسەر حکومەتەوە، لە کۆنگرەی نیشتمانیی 18ی پارتی کۆمۆنیستی چین، وەڵامی دووەممان لە جێبەجێکردنی خۆبەڕێوەبردنی تەواو و تۆندوتۆڵدا دۆزیوەتەوە: چاکسازیی پارت بە دەستی خۆی.، چاکسازیی خودیی پارتی کۆمۆنیستی چین بە ڕوونی پێناسە کراوە، مانای ئەوەیە خۆبەڕێوەبردنی تەواو و تۆندوتۆڵ بە جورئەتێکی بێ دوودڵی جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەوەی پارتی کۆمۆنیستی چین سروشتی پێشڕەوانە و ڕاستگۆیی خۆی بپارێزێت و بتوانێت خۆی پاك بکاتەوە، باشتر بکات، نوێ بکاتەوە زیاتر لە سەد ساڵە پارتی کۆمۆنیستی چین گەلی بەرەو ڕووی کارکردنی بێ وچان بۆ نوێبوونەوەی نەتەوەی چینی بردووە، لەو ماوەیەدا پارت هەمیشە گرنگییەکی زۆری بە خۆچاودێری و خۆبەڕێوەبردنی داوە، جورئەتی هەبووە لە پاراستنی ڕاستی

---

* (یانئان) ناوی شارێکە لە پارێزگای شەنشی لە باکووری چین،لە مێژووی پارتی کۆمۆنیستی چین و شۆڕشی چینیدا شوێنێکی زۆر گرنگی هەیە.

و چاککردنەوەی هەڵەکان، بە پشتبەستن بە هێزی خۆی و پشتگیریی گەل بەردەوام بەهێزتر بووە و کێشەکانی خۆی چارەسەر کردووە، بەهۆی ئەم هەوڵانەوە، پارتی کۆمۆنیستی چین، سەد ساڵەمان هێشتا لە لوتکەی تەمەنیدایە و پڕە لە هێز و گیانی زیندوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بە وریاییەوە بزانین کە خۆبەڕێوەبردنی تەواو و تۆندوتۆڵی پارتی کۆمۆنیستی چین ئەرکێکی ستراتیژیی درێژخایەنە، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا پێکهاتەی ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی چین گۆڕانی بەسەردا دێت، و ڕێژەی ئەو ئەندام و بەرپرسانەی دوای دەستپێکردنی چاکسازی و کرانەوە لە 1978 لەدایك بوون بە بەردەوامی زیاد دەکات، ئەمە داواکاریی نوێی بۆ پەروەردە و بەڕێوەبردن دروست کردووە، زۆربەی ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی چین نموونەین، بەڵام هێشتا ژمارەیەك کێشە و مەترسیی شاراوە هەن کە هەڕەشە دەکەن لە سروشتی پێشڕەوانەی پارتی کۆمۆنیستی چین و لاوازی دەکەن لە ڕاستگۆییدا و زیان بە حوکمڕانیی درێژخایەنی دەگەیەنن، بە تایبەت، کەموکوڕییەکانی بیرکردنەوە و ڕێکخستن و ڕەفتار هێشتا لە ڕەگەوە چارەسەر نەکراون، لەگەڵ ئەوەی کێشەی نوێش بەردەوام سەرهەڵدەدەن. لە ڕووی ئەم کێشە و ململانێیانەوە، دەبێت لەسەر خۆبەڕێوەبردنی تەواو و تۆندوتۆڵی حزب بەردەوام بین بۆ لابردنی ئەو ڤایرۆسانەی تەندروستیی پارتی کۆمۆنیستی

چین ڕادەماڵن، بۆ ئەوەی دڵنیا بین حزب هەرگیز سروشت و باوەڕ و کەسایەتیی خۆی ناگۆڕێت و کاروباری سۆشیالیستی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بەردەوام دەبێت

- دووەم: ئەمە پێویستە بۆ بەهێزکردن و گەشەپێدانی ئەو بارودۆخە سیاسییەی کە یەکگرتوویی و یەکڕیزییەکی بەهێز لە ناو هەموو پارتی کۆمۆنیستی چیندا و پێکەوەبەستراوییەکی بەهێز لە ناو حزب و سوپا و نێو خەڵکدا دەپارێزێت. لە کۆنگرەی نیشتمانیی 18ەوە، کۆمیتەی ناوەندی ڕووبەڕووی بارودۆخێکی سەخت بووەتەوە کە بە سەرکردایەتییەکی لاواز و بێ توانا پارتی کۆمۆنیستی چین، خۆچاودێری و خۆبەڕێوەبردنێکی شل و ڕواڵەتی و بێ کاریگەری،هەروەها هەندێك کێشەی ناو پارتی کۆمۆنیستی چین دەرکەوتبوو، کۆمیتەی ناوەندی بە پابەندبوونی ڕەها بە خۆبەڕێوەبردنی تەواو و تۆندوتۆڵی پارتی کۆمۆنیستی چینەوە، هەوڵی بەردەوامی داوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە دیارانە، ئەنجامەکەی ئەوە بووە کە کێشەی شلی و لاوازیی خۆچاودێری و خۆبەڕێوەبردن لە ڕەگەوە چارەسەر کراوە، ڕەفتارە ناتەندروستەکانی کە ماوەیەکی زۆر کۆنترۆڵ نەکرابوون ڕاگیراون، کێشە قووڵەکانی کە سااڵنێك بوون حزبیان ئازار دەدا چارەسەر کراون، مەترسییە جددییە شاراوەکانی ناو حزب و دەوڵەت و سوپا البراون. بەمجۆرە پارتی کۆمۆنیستی چین بە تاقیکردنەوەی شۆڕشگێڕانە بەهێزتر بووە، بەهۆی ئەم هەوڵانەوە، سەرکردایەتیی گشتیی پارتی کۆمۆنیستی چین و سەرکردایەتیی یەکگرتوو و ناوەندیی کۆمیتەی ناوەندیمان بە شێوەیەکی بەرچاو بەهێز کردووە؛

ڕێگەیەکی نوێمان لە گونجاندنی مارکسیزم لەگەڵ بارودۆخی چین و پێداویستییەکانی سەردەمدا کردووەتەوە و هێڵی ڕێکخستنی پارتی کۆمۆنیستی چین بۆ سەردەمی نوێ بە شێوەیەکی کاریگەر جێبەجێ کراوە، بڕیاری هەشت خاڵیی سەرکردایەتیی ناوەندیی حزب بۆ باشترکردنی ڕەفتاری کار دەستی کردووە بە نیشاندانی ددانەکانی وەك دیسپلینێکی ئاسنین، و لە بەهێزکردنی دیسپلینی پارتی کۆمۆنیستی چین دا پێشکەوتنی جێگیر کراوە، بە تووندیی بێ پێشینە دژی گەندەڵی جەنگاوین و ئەنجامی گشتگیر ناسراومان بەدەست هێناوە، چوارچێوەی ڕێساکانی حزب و دامەزراوەکان زیاتر باشتر کراوە، و ڕێکخراوەکانی حزب لە هەموو ئاستەکاندا هەنگاوی ڕاستەقینە و کاریگەریان گرتووەتە بەر بۆ جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتییەکانیان لە خۆچاودێری و خۆبەڕێوەبردندا، ئەزموونێکی دەوڵەمەندمان لە خۆبەڕێوەبردنی تەواو و تووندوتۆڵی حزب لە سەردەمی نوێدا بەدەست هێناوە و ڕێگەیەکی نوێمان لە چاکسازیی خودیی پارتی کۆمۆنیستی چین سەد ساڵەماندا کردووەتەوە، لە ئەنجامدا یەکگرتوویی و یەکڕیزیی حزبمان بەهێز کردووە و پێکەوەبەستراوییەکی گەورەمان لە ناو حزب و سوپا و نێو خەڵکدا مسۆگەر کردووە،لەبەر ئەوەی ئەم بارودۆخە سیاسییە باشە بە ئاسانی بەدەست نەهاتووە، دەبێت هەموو حزب بەهایەکی تایبەتی پێ بدات و بەردەوام بێت

لە بەهێزکردن و گەشەپێدانی ئەمەش داوامان لێ دەکات، بە پشتبەستن بە ئەزموونە بەنرخەکانی سەردەمی نوێ، ستاندارەی بەرزتر و هەنگاوی ڕاستەقینەتر بگرینە بەر لە بەردەوامبوونمان لە خۆبەڕێوەبردنی تەواو و تۆندوتۆڵی حزب، بەردەوام توانای حزب بەهێز بکەین لە سەرکردایەتیی سیاسی و ڕێنمایی تیۆری و ڕێکخستنی گەل و ئیلهامبەخشی کۆمەڵگە، بەم شێوەیە دڵنیا دەبین حزب هەمیشە پشتگیریی دڵسۆزانەی گەلی هەبێت و وەك ناوکی سەرکردایەتیی بەهێزی کاروباری سۆشیالیزم بە تایبەتمەندییە چینییەکانەوە بمێنێتەوە

- سێیەم: ئەمە پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئەرکی مێژوویی پارتی کۆمۆنیستی چین و دڵنیابوون لە پێشکەوتنی جێگیر و بەردەوامی کاروباری پارتی و وڵات

بنیاتنانی وڵاتێکی گەورە و پێشخستنی نوێبوونەوەی نەتەوەیی لە هەموو بوارەکاندا لە ڕێگەی نوێکردنەوەی چینییەوە، ئەرکێکی لەپێشینەیە کە کەس پێشتر هەوڵی بۆ نەداوە، سوپاس بۆ هەوڵی بێوچانی هەموو حزب و گەلی هەموو نەتەوەکان لە کۆنگرەی نیشتمانیی 18ەوە، دەستکەوت و گۆڕانکاریی مێژوویی لە کاروباری حزب و وڵاتدا بەدیهێناوە و نوێبوونەوەی نەتەوەی چینیمان خستووەتە سەر ڕێچکەیەکی مێژوویی نەگەڕاوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر ئەوەی جیهان و سەردەم و ڕەوتی مێژوو بە شێوەیەکی بێوێنە دەگۆڕێن، لە ڕێگای داهاتوومان ڕووبەڕووی مەترسی و ئاستەنگی فرە دەبینەوە، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، گۆڕانکارییە گەورەکانی ئاستی سەدەیەك بە خێرایی زیاتر لە جیهاندا ڕوودەدەن، پێشکەوتنەکان لە خولی نوێی شۆڕشی تەکنەلۆجی و گۆڕانکاریی پیشەسازیدا خێرا دەبن، لەکاتێکدا گۆڕانێکی قووڵ لە هاوسەنگیی هێزی نێودەوڵەتیدا ڕوودەدات، لەگەڵ ئەوەی جیهان دەچێتە قۆناغێکی نوێی پشێوی و گۆڕانکاری، نادڵنیایی و فاکتەری چاوەڕواننەکراو لە ژینگەی دەرەکیی وڵاتمان زیاد دەکەن، لە ناوخۆدا، زیاتر لە 40 ساڵی چاکسازی و کرانەوە گۆڕانکاریی گەورەی لە ئابووری و

کۆمەڵگەی چیندا هێناوەتە ئاراوە، لەگەڵ ئەوەشدا، نایەکسانی و کەموکوڕییەکانی گەشەپێدان هێشتا دیارن، ئاستەنگی نوێ سەریان هەڵداوە لە قووڵکردنەوەی چاکسازی بە شێوەیەکی گشتگیر، پێشخستنی گەشەپێدانی بەرز، بەهێزکردنی گەشەپێدان و حوکمڕانیی کۆمەڵایەتی، دڵنیابوون لە گەشەپێدان و ئاسایش پێکەوە، بەرزکردنەوەی چالاکیی کۆمەڵگە،سەرکەوتنی چین بەندە بە پارتی کۆمۆنیستی چینەوە، بەتایبەتی بە هەوڵەکانی حزب لە جێبەجێکردنی خۆبەڕێوەبردنی تەواو و تووندوتۆڵدا، لە ڕووی ئەو دیمەنە ئاڵۆزە نێودەوڵەتی و ناوخۆییانەوە و ئەو ئەرکە سەختانەی پێشخستنی چاکسازی و بەرەوپێشبردنی گەشەپێدان و دڵنیابوون لە سەقامگیری، پێویستە لە هەوڵەکانماندا بۆ دڵنیابوون لە پێشکەوتنی جێگیر و بەردەوامی نوێکردنەوەی چینی، گیانی گەورەی دامەزرێنەر و خوو و خەسڵەتە جوانەکانی پارتی کۆمۆنیستی چین بەردەوام بکەین،و هەمیشە لەبیرمان بێت کە هەموومان لە پارتی کۆمۆنیستی چیندا نابێت هەرگیز ئامانج و ئەرکی دامەزراندنی سەرەتاییمان لەبیر بکەین، دەبێت هەمیشە خۆبەخش و وریا و زەحمەتکێش بین، و دەبێت جورئەت و توانای بەردەوامبوون لە جەنگەکەمان هەبێت، هەروەها دەبێت بەردەوام بین لە خۆبەڕێوەبردنی تەواو و تووندوتۆڵی حزب و کار بکەین بۆ ئەوەی حزبمان باشتر و بەهێزتر بێت، بۆ

ئەوەی گەرەنتییەکی بەهێز بۆ بنیاتنانی چین وەك ولاتێکی گەورەی سۆشیالیستیی هاوچەرخ لە هەموو ڕووەکانەوە و پێشخستنی نوێبوونەوەی نەتەوەی چینی لە هەموو بوارەکاندا لە ڕێگەی نوێکردنەوەی چینییەوە دابین بکەین

دووەم: پرۆسەی ئامادەکردن

لە کانوونی دووەمی ئەمساڵدا، کۆمیتەی ناوەندی گروپێکی ئامادەکردنی بەڵگەنامەی بۆ کۆبوونەوەی گشتیی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندیی 20 دامەزراند، بە سەرپەرشتیی لیژنەی ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی، من سەرۆکی ئەم گروپە بووم، و هاوکارەکانم "وانگ هونینگ و تساي چی و لی شی"، جێگری سەرۆك بوون، گروپەکە سەرکردەکانی تری حزب و دەوڵەت و بەرپرسانی بەشە ناوەندییە پەیوەندیدارەکان و ناوچەکانیشی لەخۆ گرتبوو، لە 6ی شوبات، گروپەکە یەکەم کۆبوونەوە گشتییەکەی ئەنجام دا و بە فەرمی کاری ئامادەکردنی دەستپێکرد،لە دریژەی پرۆسەی ئامادەکردندا، جەختمان لەم خاڵانە کردووەتەوە:

- یەکەم: بە تەواوی جێبەجێکردنی بیری بنیاتنانی پارتی کۆمۆنیستی چین بۆ سەردەمێکی نوێ

بیری بنیاتنانی پارتی کۆمۆنیستی چین بۆ سەردەمێکی نوێ بیری سۆشیالیزمە بە تایبەتمەندییە چینییەکانەوە بۆ سەردەمێکی نوێ لە بواری بنیاتنانی حزبدا، ئەمە پوختەی ئەزموونی کردەیی و ژیریی بەکۆمەڵی حزب و گەلە، لە ئامادەکردنی بەڵگەنامەکەدا ڕێنماییی بیری بنیاتنانی پارتی کۆمۆنیستی چین بۆ سەردەمێکی نوێمان گرتووەتە بەر و داواکارییەکانی ئەم بیرەمان بە تەواوی جێبەجێ کردووە لە دیاریکردنی چوارچێوەی بەڵگەنامەکە و پێداچوونەوەی دەستکەوت و ئەزموونەکان و شیکردنەوەی بارودۆخ و ئەرکەکان و ڕوونکردنەوەی فەلسەفەی ڕێنمایی و بنەماکان و خستنەڕووی هەنگاوە سیاسییەکان، هەروەها پەیڕەوی یاساکانی گەشەکردنی پارتێکی حوکمڕانی مارکسیستیمان کردووە و لە ئەزموونە بەنرخەکانی خۆبەڕێوەبردنی تەواو و توندوتۆڵی حزب لە سەردەمی نوێدا سوودمان وەرگرتووە، بە ئامانجی گەشەکردن لەکاتی بەردەوامیدان بە ڕەسمە جوانەکان، و ڕێگای نوێ کردنەوە لەکاتی پاراستنی بنەما بنەڕەتییەکان لە هەوڵەکانی چاودێری و بەڕێوەبردن و گەشەپێدان و بەهێزکردنی حزبدا

- دووەم: خزمەتکردنی ئەرك و ئامانجەکانی پارتی کۆمۆنیستی چین

پابەندبوون بە کاروباری پارتی کۆمۆنیستی چین و ولاّت و خزمەتکردنیان هەمیشە بنەمایەکی سەرەکی بووە بۆ ڕێنماییکردنی بنیاتنانی پارتی کۆمۆنیستی چین. لە ئامادەکردنی بەڵگەنامەکەدا، دڵسۆز بووین بۆ ئامانجی سەرەتایی و ئەرکی دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیستی چین ، لەکاتێکدا ئەرك و ئامانجەکانی پارتیمان لەبەرچاو گرتووە لەم گەشتە نوێیەدا لە سەردەمێکی نوێدا، بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندیی ناوەکی لە نێوان هەوڵەکانی چاودێری و بەڕێوەبردن و گەشەپێدان و بەهێزکردنی پارتی کۆمۆنیستی چین لەلایەك، و ئامانجی بنیاتنانی ولاّتێکی گەورە و پێشخستنی نوێبوونەوەی نەتەوەیی لەلایەکی تردوە، هەنگاوە سیاسییەکانمان دارشتووە بە گوێرەی گەشەکردنی کاروباری حزب و ولاّت، و دڵنیا بووین کە هەموو ڕێکخستنەکانمان بۆ بەردەوامبوون لە خۆبەڕێوەبردنی تەواو و توندوتۆڵی پارتی کۆمۆنیستی چین تەرکیز دەکەنە سەر ئەرکی سەرەکی و خزمەت بە بەرژەوەندییە گشتییەکان دەکەن

- سێیەم: پابەندبوون بە بەڕێوەبردنی تۆندوتۆڵ

تۆندوتۆڵی کلیلی خۆبەڕێوەبردنی تەواو و تۆندوتۆڵی پارتی کۆمۆنیستی چینە، بۆ بەردەوامبوون لەم هەوڵانەدا، دەبێت تا کۆتایی پابەندی بەڕێوەبردنی تۆندوتۆڵ بمێنینەوە، لە داڕشتنی بڕیارەکەدا، بە جیدی پابەند بووین بە بنەمای تۆندوتۆڵی لەم لایەنانەدا: جێبەجێکردنی ستانداردەکان لە هەموو هەنگاوەکانی بنیاتنانی پارتیدا؛ پەروەردە و بەڕێوەبردن و چاودێریی ڕێکخراوەکانی پارتی لە هەموو ئاستەکاندا و ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی چین و بەرپرسان؛ جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکانی چارەسەرکردنی ڕەفتاری خراپ و گەندەڵی؛ و بەدیهێنانی بەرپرسیارێتییەکانی خۆچاودێری و خۆبەڕێوەبردنی پارتی کۆمۆنیستی چین، بە باشترکردنی زیاتری سیاسەت و ڕێوشوێنەکانی خۆبەڕێوەبردنی تەواو و تۆندوتۆڵی حزب، نیشانەیەکی بەهێزمان نارددووە کە پابەندین بە تۆندوتۆڵیی زیاتر لە ساڵانی داهاتوودا، لە هەمانکاتدا، دەبێت لەگەڵ ئەندامان و بەرپرسانی پارتی کۆمۆنیستی چین توند بین و هەروەها گرنگییان پێ بدەین، و بە یەکسانی گرنگی بدەین بە هاندان و سنووردانان. بەم شێوەیە دڵنیا دەبین کە سنووری تۆندیان لەسەر دادەنرێت لەکاتێکدا هاندانی زیاتر و دەستپێشخەری و داهێنان لە ناو هەموو حزبدا بەرز دەکرێتەوە

- چوارەم: گرتنەبەری ڕێبازی کێشەمحەوەر

هەوڵەکانمان لە خۆبەڕێوەبردنی تەواو و تۆندوتۆڵدا ئامانجیان چارەسەرکردنی کێشە دیارەکانی ناو پارتییە، بۆ پێشخستنی ئەم کارە، دەبێت بەردەوام بین لە لێکۆڵینەوە لە پێشهاتە نوێیەکان و چارەسەرکردنی کێشە نوێیەکان لەسەر بنەمای پەرەپێدانی ئەو دەستکەوتانەی پێشتر بەدەست هاتوون. لەبەر ئەوە، بڕیارەکە بە تیشکخستنەسەر مەسەلە سەرەکییەکان و کێشە دیارەکان دارێژراوە، لە دانانی پلان و ڕێوشوێنەکاندا، شێوازێکمان گرتووەتەبەر کە هەر کێشەیەك سەرهەڵبدات چارەسەری دەکات، و گرنگیمان بە پەلەپێکراوترینەکان داوە، هەوڵمان داوە ناوکی ئەم کێشانە دیاری بکەین و چارەسەری ئامانجدار بخەینەڕوو لەسەر بنەمای شیکردنەوە و گفتوگۆی قوول

پێنجەم: بەهێزکردنی بیرکردنەوەی سیستەمی

بەردەوامبوون لە خۆبەڕێوەبردنی تەواو و توندوتۆڵی پارتی کۆمۆنیستی چین هەوڵێکی سیستەمییە، دەبێت شێوازێکی گشتگیر بگرینەبەر لە پلاندانان و پێشخستنی هەوڵەکان بۆ بەهێزکردنی حزب لە ڕووی سیاسی و تیۆری و ڕێکخستن و ڕەفتار و دیسپلین و دامەزراوەکانەوە، لە دژی گەندەڵی، بە تەرکیزکردن لەسەر باشترکردنی سیستەمی جێبەجێکردنی خۆبەڕێوەبردنی تەواو و توندوتۆڵی حزب،بڕیارەکە بە تەواوی داواکارییە گشتییەکانی بنیاتنانی پارتی کۆمۆنیستی چین لە سەردەمی نوێدا جێبەجێ دەکات،بە لەبەرچاوگرتنی بەهێزکردنی حزب لە ڕووی سیاسییەوە وەك بنەمای سەرەکی، جەخت لەسەر هەوڵی هاوئاهەنگ لە هەموو بەرەکانی بنیاتنانی حزب و یەکخستنی هەموو سیاسەت و ڕێوشوێنەکان دەکاتەوە،هەروەها گرنگیی سوودوەرگرتن لە ڕۆڵی نموونەیی بەرپرسە سەرکردەکان دەخاتە ڕوو، تەرکیزکردن لەسەر کاری گشتی و هەوڵە تایبەتییەکان، چارەسەرکردنی هۆکار و ئاماژەکان پێکەوە، و دامەزراندنی میکانیزمێکی کار کە تایبەتمەندییەکەی هاوئاهەنگی نێوان ئاستەکان و هەوڵی هاوبەشی هەموو بەش و ناوچەکان و هەوڵی هەموو لایەکە، بەمجۆرە کاریگەریی گشتیی خۆچاودێری و خۆبەڕێوەبردنی حزب باشتر دەبێت،لە درێژەی پرۆسەی ئامادەکردندا، کۆمیتەی ناوەندی بەشداریی

دیموکراتیی تەواوی هاندا و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی قوواڵی ئەنجام دا و ڕای زۆری وەرگرت، لە 31ی کانوونی دووەم، ئاگادارکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە بۆ وەرگرتنی ڕا لە هەموو ناوچە و بەشەکان دەربارەی بابەتی کۆبوونەوەی گشتیی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندیی 20. لەو کاتەدا، 16 ڕێکخراو سپێردران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر 23 مەسەلەی سەرەکی، لە 6ی ئایار، من سەرپەرشتیی سیمینارێکم کرد لە شانگهای بۆ گوێگرتن لە ڕای سەرکردە سەرەکییەکانی ژمارەیەك پارێزگا و هەرێمی خۆبەڕێوەبەر ، لە 3ی ئاب، پێشنووسی بڕیارەکە بۆ ژمارەیەك ئەندامی حزب نێردرا بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچوون، لەوانەش بەرپرسە بەتەمەنە خانەنشینکراوەکانی حزب، و کۆبوونەوەی تایبەت ڕێکخران بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی کۆمیتە ناوەندییەکانی پارتە سیاسییەکانی تری چین و سەرکردەکانی فیدراسیۆنی گشتیی چینی پیشەسازی و بازرگانی و کەسایەتییە دیارەکانی دەرەوەی پارتی کۆمۆنیستی چین.

هەموو ئەوانەی ڕاوێژیان پێکرا بە یەکدەنگی ڕازی بوون کە بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی بۆ تەرکیزکردن لەسەر بابەتی بەردەوامبوون لە خۆبەڕێوەبردنی تەواو و توندوتۆڵی حزب لە کۆبوونەوەی گشتیی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندیی 20دا بە تەواوی ئاگاییەکی تیژ و ئیرادەیەکی بەهێزی پارتی کۆمۆنیستی چین بۆ بەهێزکردنی خۆی نیشان دەدات،

بڕیارەکە پلانێکی ستراتیژی بۆ بەردەوامبوون لە خۆبەڕێوەبردنی تەواو و توندوتۆڵی حزب دەخاتە ڕوو، بێگومان دەبێتە بەڵگەنامەیەکی بەرنامەیی بۆ پێشخستنی پڕۆژە گەورە نوێیەکەی بنیاتنانی پارتی کۆمۆنیستی چین لە سەردەمی نوێدا، گرنگییەکی ڕاستەوخۆی زۆر و ڕێنماییەکی دووربینی هەیە بۆ هەوڵەکانمان لە کردنەوەی ڕێگەی نوێ لە چاودێری و بەڕێوەبردن و گەشەپێدان و بەهێزکردنی پارتی کۆمۆنیستی چین لە سەردەمی نوێدا و بۆ سەرکردایەتیکردنی گەلی چین لە هەموو نەتەوەکان لە هەوڵێکی هاوبەشدا بۆ بنیاتنانی وڵاتێکی گەورە و پێشخستنی نوێبوونەوەی نەتەوەیی لە هەموو بوارەکاندا لە ڕێگەی نوێکردنەوەی چینییەوە،دەربارەی دارشتنی، لایەنە جیاوازەکان ڕا و پێشنیاری بەنرخی زۆریان پێشکەش کردووە. گروپی ئامادەکردن یەك بە یەك لێیان کۆڵیوەتەوە و هەرچی زیاتر ببێت لەناو بەڵگەنامەکەدا جێی کردوونەتەوە لە درێژەی ئامادەکردندا، لێژنەی ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی سێجار کۆبووەوە و مەکتەبی سیاسی دوو جار کۆبووەوە بۆ پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی وەشانە پێشنووسەکانی بەڵگەنامەکە، ئەم هەوڵانە لە دواپێشنووسدا کۆتاییان هات کە بۆ ئەم کۆبوونەوە گشتییەمان پێشکەش کردووە بۆ گفتوگۆ.

سێیەم: چوارچێوەی گشتی و ناوەڕۆکی سەرەکی

سەرباری بڕگەی سەرەتایی و کۆتایی، پێشنووسی بڕیارەکە لە سێ بەش پێکدێت:

- **بەشی یەکەم،** چاوخشاندنێکی گشتییە، گرنگی و پەلەپێکردن و داواکارییە گشتییەکانی بەردەوامبوون لە خۆبەڕێوەبردنی تەواو و توندوتۆڵی حزب لە پێنج ڕووەوە شی دەکاتەوە، یەکەم، پێداچوونەوە دەکات بە گەشتە شکۆدارەکەی پارتی کۆمۆنیستی چین لە زیاتر لە 100 ساڵدا، کە لە ڕێگەیدا بەردەوام خۆی بەهێز کردووە و گەلی یەکخستووە و بەرەو سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتن بردوویەتی.

دووەم، دەستکەوتە گەورەکانی پارتی کۆمۆنیستی چین کورت دەکاتەوە لە خۆبەڕێوەبردنی تەواو و توندوتۆڵدا لە کۆنگرەی نیشتمانیی 18ەوە و گرنگیی قووڵی بیری بنیاتنانی پارتی کۆمۆنیستی چین بۆ سەردەمێکی نوێ ڕوون دەکاتەوە.

سێیەم، بارودۆخ و ئەرك و ئاستەنگە نوێیەکانی ڕووبەڕووی پارتی کۆمۆنیستی چین شی دەکاتەوە لە خۆبەڕێوەبردنی تەواو و توندوتۆڵدا.

چوارەم، فەلسەفەی ڕێنمایی بۆ بەردەوامبوون لە خۆبەڕێوەبردنی تەواو و تۆندوتۆڵی پارتی کۆمۆنیستی چین دەخاتە ڕوو.

پێنجەم، حەوت بنەمای ڕێنمایی دادەنێت کە دەبێت لە پێشخستنی هەوڵەکاندا لەم بارەیەوە پەیڕەویان بکەین

- **بەشی دووەم** بەشی گفتوگۆکردنە، کە لە بەشی دووەمەوە تا هەشتەم دەگرێتەوە. ئەرکە ستراتیژییەکان و ڕێوشوێنە سەرەکییەکان ڕێك دەخات بۆ بەردەوامبوون لە خۆبەڕێوەبردنی تەواو و تۆندوتۆڵی پارتی کۆمۆنیستی چین

بەشی دووەم تەرکیز دەکاتە سەر بەهێزکردنی ڕۆحی پارتیی کۆمۆنیستەکان، کە ئەرکێکی بنەڕەتییە لە هەوڵەکانماندا بۆ دڵنیابوون لە خۆبەڕێوەبردنی تەواو و تۆندوتۆڵی حزب.

خاڵە سەرەکییەکان ئەمانەن:

١- بەهێزکردنی پەروەردە لەسەر دڵسۆزی بۆ پارتی کۆمۆنیستی چین.

٢- دروستکردنی یەکگرتوویی و هێزی ناوەکی بە تیۆرییە نوێیەکانی پارتی کۆمۆنیستی چین.

٣- پەروەردەکردنی ڕۆحی پارتی کۆمۆنیستی چین بە وێنە باشەکانی پارتی کۆمۆنیستی چین و کلتووری جوانی نەریتیی چینی.

٤- تاقیکردنەوەی ڕۆحی پارتی کۆمۆنیستی چین لە کردارداا.

٥- بەرزکردنەوەی هەڵسەنگاندنی ڕۆحی پارتی کۆمۆنیستی چین.

- بەشی سێیەم ڕوونی دەکاتەوە کە جێبەجێکردنی توندی ناوەندگەرایی دیموکراتی داواکارییەکی ناوەکییە بۆ خۆبەڕێوەبردنی تەواو و توندوتۆڵی پارتی کۆمۆنیستی چین.

خاڵە سەرەکییەکان ئەمانەن:

١- پاراستن و بەهێزکردنی سەرکردایەتیی ناوەندی و یەکگرتووی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی چین.

٢- باشترکردنی کاریگەریی دیموکراسیی ناو پارتی کۆمۆنیستی چین.

٣- جێبەجێکردنی توندی ڕێساکانی گفتوگۆکردن و ڕێکارەکانی بڕیاردان بۆ تیمەکانی سەرکردایەتی

٤- ڕێکخستنی چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ئەرك و بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن سەرۆکی تیمەکانی سەرکردایەتییەوە.

- بەشی چوارەم، لەژێر ناونیشانی پەروەردەکردنی بەرپرسانی لێهاتوو کە توانای هەڵگرتنی ئەرکی نوێبوونەوەی نەتەوەییان هەبێت، جەخت دەکاتەوە کە بەڕێوەبردنی توندی بەرپرسان کلیلی خۆبەڕێوەبردنی تەواو و توندوتۆڵە بەسەر حزبدا.

خاڵە سەرەکییەکان ئەمانەن:

١- پەیڕەوکردنی ڕێنماییی دروست لە دانانی بەرپرساندا.

٢- گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئامانجدار و باش داڕێژراو بۆ هەڵبژاردن و دانانی بەرپرسان.

٣- هاندانی بەرپرسان بۆ پەروەردەکردن و کارکردن بەپێی تێڕوانینێکی دروست .

٤- بەرزکردنەوەی توانای بەرپرسان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان و کردنەوەی ڕێگەی نوێ.

٥- باشترکردنی ڕاهێنان و هەڵبژاردنی بەرپرسە لاوە بەتواناکان.

٦- بەهێزکردنی بەڕێوەبردن و چاودێریی بەرپرسان

- بەشی پێنجەم: باسی بنیاتنانی سیستەمێکی ڕێکخراوەیی پتەو دەکات کە تایبەتمەندییەکەی هاوئاهەنگی نێوان ئاستەکان و جێبەجێکردنی کاریگەرە، جەخت دەکاتەوە کە ڕێکخراوەکانی حزب لە هەموو ئاستەکاندا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە خۆبەڕێوەبردنی تەواو و تۆندوتۆڵی پارتی کۆمۆنیستی چین دا،

ئەم خاڵانە دەگرێتەوە:

1- پەرەپێدانی ڕۆڵی نموونەیی ڕێکخراوەکانی پارتی لە دامەزراوە ناوەندییەکانی پارتی کۆمۆنیستی چین و دەوڵەتدا.
2- بەهێزکردنی ئەرکەکانی کۆمیتە ناوچەییەکانی پارتی کۆمۆنیستی چین .
3- هەنگاوی هاوئاهەنگ بۆ باشترکردنی ڕێکخراوەکانی پارتی کۆمۆنیستی چین لە ئاستی بنەڕەتیدا لە هەموو سەکتەرەکاندا.
4- پێشخستنی بنیاتنانی پارتی کۆمۆنیستی چین لە سەکتەرە نوێکاندا
5- بنیاتنانی تیپێکی بەهێزی ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی چین.
6- باشترکردنی میکانیزمەکان بۆ دڵنیابوون لە هاوئاهەنگی لە نێوان ئاستە جیاوازەکانی ڕێکخراوەکانی حزبدا.

- بەشی شەشەم: جەخت دەکاتەوە کە باشترکردنی ڕەفتار و توندکردنی دیسپلین بەردەوام ڕێوشوێنی کاریگەرن بۆ پێشخستنی خۆبەڕێوەبردنی تەواو و توندوتۆڵی پارتی کۆمۆنیستی چین.

خاڵە سەرەکییەکان ئەمانەن:

1- پەیڕەوکردنی هێڵی جەماوەریی پارتی کۆمۆنیستی چین لە سەردەمی نوێدا.
2- جێبەجێکردنی ڕێنماییە بنەڕەتییەکانی بڕیاری هەشت خاڵیی سەرکردایەتیی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی چین بۆ باشترکردنی ڕەفتاری کار.
3- تەرخانکردنی هەوڵی بەردەوام و بەردەوام بۆ باشترکردنی ڕەفتار.
4- توندترکردنی جێبەجێکردنی دیسپلین.
5- سوودوەرگرتنی تەواو لە دیسپلین وەك ڕێنمایی و سنوور و گەرەنتی و هاندەر.

- بەشی حەوتەم: گرتنەبەری هەنگاوی توند و یەکگرتوو دژی گەندەڵی پێناسە دەکات وەك سیاسەتێکی گرنگ بۆ خۆبەڕێوەبردنی تەواو و تووندوتۆڵی پارتی کۆمۆنیستی چین و هەروەها بنەمایەکی بنەڕەتی بۆ جەنگەکەمان دژی گەندەڵی.

خاڵە سەرەکییەکان ئەمانەن:

1- پاراستنی هەڵوێستێکی توند دژی گەندەڵی
2- بەهێزکردنی کۆنترۆڵ و چاودێری بەسەر بەکارهێنانی دەسەڵاتدا.
3- بەهێزکردنی بناغە کلتووری و ئەخلاقییەکانی پاراستنی ڕاستگۆیی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.
4- ڕێگریکردنی باشتر لە گەندەڵی بە شێوازێکی گشتگیر.

- بەشی هەشتەم: کە لەسەر بنەمای بەڕێوەبردنی پارتی کۆمۆنیستی چین بە دامەزراوە و ڕێساکان دەسوڕێتەوە، جەخت لەسەر بەهێزکردنی ڕێساکانی پارتی و دامەزراوەکان دەکاتەوە وەك ستراتیژییەکی بنەڕەتیی درێژخایەن بۆ دڵنیابوون لە خۆبەڕێوەبردنی تەواو و توندوتۆڵی پارتی کۆمۆنیستی چین.

خاڵە سەرەکییەکان ئەمانەن:

1 - باشترکردنی چوارچێوەی ڕێساکانی حزب و دامەزراوەکان.
2 - بەهێزکردنی جێبەجێکردنی دامەزراوەکان.
3 - لابردنی ڕێساکانی شاراوە.

- **بەشی سێیەم:** باسی باشترکردنی سیستەمەکانی چاودێریی پارتی کۆمۆنیستی چین و دەوڵەت و جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتیی سیاسی بۆ خۆبەڕێوەبردنی تەواو و تۆندوتۆڵی پارتی کۆمۆنیستی چین دەکات، ڕێکخستنی دیاریکراو لەو بەشەدا دانراوە

هاوڕێیان، ئەرکی سەرەکیی ئەم کۆبوونەوە گشتییە پێداچوونەوە و پەسەندکردنی بڕیارەکەیە. هیوادارم هەموتان بە وردی لەسەر ئەم پێشنووسە بیر بکەنەوە و گفتوگۆی قوواڵ بکەن و ڕا و پێشنیاری بنیاتنەر بخەنەڕوو، بۆ ئەوەی پێکەوە کار بکەین بۆ سەرکەوتنی ئەم کۆبوونەوە گشتییە و پێداچوونەوەی باش بکەین بەسەر پێشنووسی بڕیارەکەدا.

سەرچاوە:

Full text: Explanation of the Resolution of the Central Committee of the Communist Party of China on Certain Major Issues concerning Persevering with Full and Rigorous Party Self-Governance.

https://en.people.cn/n3/2026/1102/c90000-20514337.html